کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 18:31بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

بەشی سێ یەم:



**بۆ پێکەنین: " هەڕەشە " ... شێروان بێ دڵ**

جوابی بۆم ناردوە
باوازمان لێبهێنێ
کەسی ئەوهامان هەیە
بەیەک شاپ دەیترێنێ!
نەجاشی کوڕی جاشم
نەدز و تەڕەماشم
لە پێناوی ڕاستیا
بڵندم گەر گلاشم
کوردم کوردی دلێرم
ڕووی ڕاستی وەرناگێڕم
ئەو دوژمنەی دەمکوژێت
بۆ ببات خێر وبێرم؟!
دەڵێن سەگباب نایناسین
گەر زمانی درێژ کات
وەک سەگ هەڵی دەواسین
بەڵێ گەورە زانایە
عیلمی خوای لەزگی دایە
ئەگەر گەوادیش بکات
لەلای کورد هەر بالایە!
لە بەردەرگای دوژمنان
شەرمە ببیە پاسەوان
بەخوای گەر بۆی برەخسێت
کەرکویش دەداتە وان
گزنگی ڕۆژ گەر دەربێت
تاریکی ڕادەماڵێ
تاکەی گەلی ئازامان؟!
لە دەست دزان بناڵێ
بەڕۆشنبیر دەوێرن
هەر دەڵێی فەرخە چێڵن

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆ کورد ئازان وەک شێرن
ئێوە کەخۆتان دز بن
چۆن بەدزان دەوێرن!
خانوی بە نۆ ملیۆنی
کاکەی فەرماندە چۆنی
لە کوێت هێنا ئەو پارە؟!
سەیارەی وەک تەیارە
فەرمانبەر و موچەخۆر
لە کوێ یان بوو پارەی زۆر
ئەوەی کەدزی نەکات
دەبێ لێ بدات دەهۆڵ
نازانن شەرم چیە
دوا ڕۆژی کوردان چی یە
نامەوێ هێزی فەرهوود
گۆشتم بخواتن نەمروود
هەرچەند لایان ناخۆشە
کەڕاستی دەدرکێنم
هەندێکیش لایان وایە
من شەکر دەشکێنم
ئاخ چیم بەسەر هات خوایە
چۆن بکوژم ئەو دەعبایە
ئایا پاکسازی دەکرێت؟
کەی دەڕوات ئەو بەڵایە؟
موچەخۆری بەستەزمان
سێ وەرەقە چ لێبکات؟!
بیدات بە داو دەرمان
جاران کوردت دەپەرست
بۆ سێبەری دوژمنی؟
زۆر کوردیش ئەنفال کرا
یەخسیر بو ماڵ و ژنی
بڵێم کێ جێی باوەڕە
ئەو جاشە یا ئەو کەرە؟!
ئەو کوردەی زۆری نەما
بڵێم عەگال لەبەرە
ڕاستە بەعسیش جەردەبوو
دەمانزانی دوژمنە
کە ئەنفالی دەکردین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەناو گۆڕی بێ بنا
بەناوی کوردایەتی
دێن دزیمان لێدەکەن
کەرکوک شاری کوردانە
نازانم چی لێدەکەن!!
نە خوێن مژ بوو نەکەر بوو
نە بۆ هیچ کەس نۆکەر بوو
" بارزانی" * خاوەن باوەڕ
هەمیشە تاجی سەر بوو
دوێنێکە لە چیابووی
چەند مەرد بوی چەند ئازابوی
پاسەوانی دوژمنان
لەکوێ بۆمان پەیدابوی؟!
ئەوا هات حاجی لەق لەق
ئەوەی شەیتانی بکات
لێی دەداتن بەمەترەق
لەهەر بڕیارێک بیدەن
دڵم پڕی گومانە
کەرکوک خاکی کوردان بوو
وا لانەی دوژمنانە
سەری بۆ دانەنوێنی
نەڵێی دوژمن بەهێزە
ئەو کەسەی گەلی بوێت
هەردەم شایەنی ڕێزە
کوردین کوردی خەیاڵی
ئازادی و ئاش بەتاڵی
بەخوا عیراقی تیرۆر
قەت نابێتە فیدراڵی
ئەدی قادر قوون سعات *
لەترسی بەعس هەڵات
بۆ تەنها ئامر سریە؟!
دەبێ وەرگرێ خەڵات
جوابی بۆم ناردوە
باوازمان لێبهێنێ
کەسی ئەوهامان هەیە
بەیەک شاپ دەیترێنێ!
هەتا دوێنێ گاوان بوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 18:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

نەخوێندەوار بوو شوان بوو
ئێستا فەرمان بەدەستە
چی بوێ بۆی مەبەستە
گەلی برسی و هەژاریش
یەخسیرە وا ژێردەستە
بەڕەنجی شان پەیات کرد
لەکوێت بوو ئەو سامانە؟!!
گەف * دەکات دەمترسێنێ
ئەمڕۆ ڕۆژی دزانە
ماچت کرد زۆر قۆندەرە*
وەرت گرت خانی و بەرە
ئاوازی تورکی دەدزێ
گورگە و لەپێستی مەڕە
دەڵێ من هونەرمەندم
گووم کردە ئەو هونەرە!
نەچوومە لای ( (کاک شێرزاد) ) *
کۆنە بەعسی بوو گەواد
ئەگەر بچووبامە لای
ملم دەبوە لباد
کۆڕ لە بۆمن ناگیرێ
ئەوەی کەوا دز نەبێت
لە کوردستان دەگیرێ!
ئەوا هات مەدام ( (میتران) )
چەند جوانە ڕەزا گران
بەدەستی ئەو خانمە
دەبتە بەهەشت کوردستان!
ووتم ئۆخەی وا هاتن
ئازادم ئەکەن ئەوان
کەوتمە بەر تاڵان و
بوومە نیشانەی دزان
گەر بازرگانیش بکەم
دەستی بەسەر گیراوە
بەشی هەژار و فەقیر
هەمووی لرف کراوە
کە خەڵکی ڕەخنە بگرێت
لایان وەکو سەگ ڕەوە
بۆ دزین و گەندەڵی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 18:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕیزیان گەلێک پتەوە
زۆر کەس قۆڵی بڕاوە
دەژین لەناو گێژاوا
ئازادیمان بۆ بوێ!
خۆشە ئەو ڕاوە ڕاوە
کار بێ بەرتیل ناڕوا
پارەیە بیر و بڕوا
هەژاریش قووڕی بەسەر
پێی لێ دەنێ چۆن بڕوا
سەیری ئەو گیرفان بڕە
باغەڵی هەردەم پڕە
سەیری چاووی مۆنی کە
بەرتیل خۆر و قۆڵ بڕە
نەی بوو نان و پەپۆکە
سەیری دوێنێ و ئەمڕۆکە
ئێستا دونیا هی ئەوەو
بەخۆی فەرخە سەرۆکە
ناهێڵن شەرمەزار بێ
دەبێ دز هەر لەکار بێ
کە گەورە ئاو بڕژێنی
گچکەش پێی لێ دەخشێنی
گەلێک خاین و جاسوس
ئێستاش لە لیستی وانن
دوێنێ جاشی بەعس بوون
ئێستاش هەر قارەمانن
زۆرم لە دڵی دایە
کەمم ووت زۆری مایە
فڕی فڕی قەل فڕی
قەلیان خوارد سەریان بڕی
ئەو کەسەی خاوەن حەق بێت
لایان وەک کەر دەتڕی
ئەوا هات سەلاحەدین
بە عەگال و کراسی شین
گەر تەماشای وورگی کەیت
دەمری لەبەر پێکەنین
چیتر قۆڵ بڕی مەکە
جەردە دەڵێی بەرازی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەگەر پاک سازی بکرێت
دەژین ژینی فەنتازی
قوربانی شەهیدێک بن
خوێنی لەڕێی کورد دانا
بەری نەدەدا سەنگەر
تا کوژرا لەمەیدانا
زۆر کەس هەتاکو ئێستاش
گۆڕی نەدۆزرایەوە
زۆر منالّی ناو بێشکەش
بەبێ باوکی مایەوە
هێشتاش لاوانی ئازا
ئەچوونە پیری مردن
لەسەنگەری شەڕەفدا
دەیان کرد شەڕی دوژمن
دەیان گووت ئۆخەی ڕۆژێک
مالّی کورد ئاوا دەبێت
ئەوەی زولّمی لە کورد کرد
ڕۆژێک هەر ڕیسوا دەبێت
هەر لادێ بوو تێک ئەدرا
کورد مالّی تالآن ئەکرا
خێزانی پێشمەرگەکان
زولّمی زۆریان لێ ئەکرا
چەند ئافرەتی قارەمان
دەبران بەرەو زیندان
چەند کەس لە ژێر ئەشکەنجە
لە دەستیان دەدا ژیان
چەند کەس بێ سەر و شوێن بوو
ئێستاش نەگەڕایەوە
وەکو "چاکە غەریبە " *
گۆڕی نە دۆزرایەوە
چەندین بە توهمەتی کورد
سەری وەک کار دەبرا
دایکی پیر شێوەنی بوو
دوعاو نزای نەدەبرا
چەندین گەنجی بێ گوناح
لە ژێر گلّ شرایەوە
گۆڕی دەست نیشان نەکراو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلّاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 18:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئێستاش نەدۆزرایەوە
کوانێ " فوئادە ڕەش" و*
" فاقە " و "مامۆستا کاوە "؟!
کوانێ هێزی بارزانی؟!
" عومەر" و " فارس باوە "
حەیفم بۆ " شەهید ئارام "
کوژراو گیانی بوە زام
تاکو گەندەڵێ مابێ
ڕەوشی ئازادی نابێ
ئەوکاتانەی " یەکێتی"
خاوەن بیر و بڕوابوو
کێ وەکو مامە ڕیشە
شێری مەیدانی شەڕ بوو
بۆ ئاوامان بەسەرهات
چی لێهات هیواو ئاوات
سەرکردەی کوردم ناوێ
بۆ گەلی نەکات خەبات
هەندێک زۆر داوەشایە
وەک کفتەی هەڵوەشایە
دوێنێ جاشی بەعس بوو
ئەمڕۆش هەر ئەو ئاغایە!
غەیری دزی و جەردەیی
چ گۆڕانێک ڕووی دایە
بەڵێ من ساڵەهایە
وەک کەر بارم لێکرایە
هەر جارێکیش بدۆڕێێن
دەڵێین دوژمن سەگبابە و
هەر ئەو خاوەن خەتایە
کە داردەست بکەن گەلم
پێش ناکەوێت کۆمەڵم
دوژمنێک خوێنم بخوات
دەستی مەخەرە ملم
نامەوێ تەنها چینێک
بخوات خێر و بێراتم
ژینی یەکسانیم دەوێ
من کوردم جوانیم دەوێ
خزم و کەس و هاوڕێتە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

20-7-2007 18:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بشمری ئەو لە جێتە
گەلی زاناو هۆشیاریش
لای ئێوە وەکو شێتە
هەرکەسێ و زوورنا ژەنی
کەسی گەندەڵ بۆگەنی
ئەوەی دز و جەردەبێت
بە خەڵکی پێ دەکەنی
زەویش هەموی داگیرە
هەندێک بۆ خولامەکانە
بەشێکیش بۆ وەزیرە
بەناوی کوردایەتی
بۆچی دزیم لێ دەکەیت
ئەو ماڵە ماڵی گەلەو
ڕازین گەر نیوەی ببەیت
بەلام تۆ هەمووی ئەبەیت!
پارە دەخەیە ق.... نت
یا تخوا چی لێدەکەیت؟!
ئەی دزی پیس وخەلیس
ئاوێک هیچ بێ گەرد نابێت
گەر بێت لەسەرچاوەی پیس
یاسایەکی دەرنەکرد
دژ بە کوشتنی ژنان
دەڵێن ئێستاش لەخەوە!
ئەندامەکەی پەرلەمان
بەڵێ دز سەر بڵندە
دایم ئەو گورجی توندە
وادێ جوێنم پێ دەدا
قسەش بکەم لێم دەدا
هەر تەنها بە نۆ ملێۆن
دەیەوێ بکرێ خانی
چەندە ملیاری هەیە
مەگەر هەر خوا بزانی
بەڵێ نەوتی کوردستان
بەشێکی بۆ دوژمنەو
بەشێکیش لە بۆ دزان
ئەی خوایە قورم بەسەر
خەرجیشم بوە تالان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خەریکی ئەو کارەنە
شێتی پول و عانەنە
بۆ دوارۆژی کەرکوک
کوا خاوەن ڕێچارەنە؟!
عیراقیە وەزیرە
تێک چەقیو وەک بەرمیلە
سەری سەت باتمان گۆشتە
یابوو عیون ئەلکەحیلە
وا هات ئەو فەرخە جاشە
دەڕوا هەروەکو پاشا
نازانێ قسە بکات
تەنها خان چی بێت باشە
ئەی مامۆستای قووڕ بەسەر
ناژی هەروەکو بەشەر
نرخی سەت دۆلار چیە
بەزمی ئەلبۆم و دەفتەر
دەڵێن لە (سولەیمانی)
زۆر کەس بۆتە ملیۆنێر
دەولەمەندی واهەیە
دەتوانێ بکڕێ (هەولێر)
ئەدی چینی خوداگیر
چینی هەژار و فەقیر
خەڵکی نان و پەکۆکە
ئەو دەخوا ماستاوی تیر
هەتا دوێنی بەعسی بوو
چۆن کراوە بەوەزیر؟؟!!
ئەو دزە تەڕەماشە
بشمانگێ کوڕی باشە!
وەختە لەدین وەرگەڕێم
بڵێم من کورد نیم حاشا
ئەو چینە مشە خۆرە
پارەیان یەکجار زۆرە
بەرامبەر دوژمنانیش
وەک قەحپە چاویان شۆڕە
هەندێک لەلایان وایە
من گوێزیان بۆ دەشکێنم
ئەو کەسەی دزی بکات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

سەلاحی دەشکێنم
داوای پاک سازی دەکەم
لەگەورە هەتا بچووک
نابێ بدەیە دوژمن
خاکی پیرۆزی کەرکوک
ڕێی ئازادی بەرمەدە
داکەنە بەرگی دوژمن
هێزی پێشمەرگەی ئازا
هێزێکە نایەتە بن
هێشتا ئەو ناڕازیە
ئەو دزە خۆی قازیە
باشە هەتاکەی ئەمن
بێ ئاو کارەبابم؟!
هەتاکەی من نۆکەری
دز و جەردەی ئاغا بم؟!
کارم تێ ناکات ترس و هەڕەشە
چوونکە ئێوەی دز هەر ڕووتان ڕەشە
نەکەری ڕەشم نەمن مایینم
ئەگەر دەنگ بکەم بۆچی خاینم!!
شاعرێک دەرخات ئێش وئازاری
لای دز ڕەواجی نیە بازاڕی
توانجم تێمەگرە مەسینە هەڵگر
کە تۆ نەخۆشی چ بڵێم ئیتر
پارەی ئەو گەلە دەچتە گیرفانت
هەڕەشە دەکەیت درێژە زوو بانت
خانچی دوژمنە سەرکردەکانت
..........
لە ترسی (بەعس و موختار) *
ژینم ببوە ژەهری مار
بەشەو ماڵم تێک ئەنا
دایک گیراو بریندار
شوفێرەکە کاتێ هات
لە دوای نیوە شەوا
بەدزی ماڵمان بارئەکرد
خەڵکیش لە پرخەی خەوە
دەستری زوو دەرهێنا
فرمێسکی چاووی سڕی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

20-7-2007 18:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ووتی ئێوە پێشمەرگەن
بۆیە ئەڕۆن بەکرێ
ووتم ها حەقی بارت
سوێند و قورئانی دەخوارد
وەرناگرم یەک دینارت
بۆ لات وایە من کەرم!
منیش وەکو تۆ کوردم
خاوەن بیرو باوەڕم
ماڵم دەرکرد بەنهێنی
هەتاکو کەس نەمبێنی
گەلێکیش لەو خزمانە
لەمن بوونە بێگانە
ئەیان ووت ئەبێ بڕۆی
نەوەک سەری مەش بخۆی!
ئای بەعس چی لێکردم
تا دەمرم دڵ بەدەردم
ئەوەی پێشمەرگەی هەبوایە لەماڵ
بەڵێ دەگیران خزم و کەس وکار
بووینە خۆراکی جاش و خۆفرۆش *
بە دەستی موختار پیاوی نەخۆش
دەبێ شێوەنکەم هەتاکوو مابم
لە قیامەتیشا من ڕزگار نابم
دز کە حاکم بێت ڕێسوام تامابم
دەنگی ئەو گەنجە جەرگمی ئەهەژاند
کە دەنگی ناڵەی ئەهات گشت شەوان
کە لێ یان ئەدا جاش و خۆفرۆش
لە خوێن ئەگەوزی و ژەهری ئەکرد نۆش
زۆر دایکم بینی جەرگی سووتا بوو
لادێ ی وێران بوو کوڕی نەما بوو
زۆرکەسم بینی کە هەڵ ئەواسرا
بەڵام بۆ نەوەی زۆر بەوەفا بوو
زۆر کچی جوانیش لە قوتابخانە
ڕاپێچیان ئەکرد بۆ بەندیخانە
ڕایان ئەکێشا بە پرچی نەرمی
پڕی خوێن دەبوو دیار ئەبوو چەرمی
گرین و شێوەن وا ئەکەم بۆیان
بوونە قوربانی بۆ گەلی خۆیان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 18:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆ من ئەوڕۆکەش هەمان ڕۆژگارە
لەمن ناگەڕێ ئەو سەگ و سوارە
نەڵێی پارەی گەل هیچ نەدزراوە
نەڵێی گەندەڵی نیەو نەماوە
شاری خەونەکان ئەوەی " عەنکاوە "
بە عارەقەی چاو بنیاتت ناوە
ئەو نۆ ملیارەی کە تۆ دزیوتە
بەشی هەژار و هی لێ قەوماوە
کە خۆت بەشدار بی لەو ڕاوە ڕاوە
بە خەڵکی دەڵێی کە نەخۆن خاوە
دایکت جوو بگێ تڕۆی بێ ناموس
گەوادی وەک تۆ نیە لە قاموس
بۆ دوژمنی کورد چۆن دەبیە جاسوس!
لە ناو حوکمەت پەرلەمان
دزی گەورە و قارەمان
خەڵکینە ئاگاداربن
واهات لێشاوی دزان
نا مەحاڵە پاک سازی
تا دز بکەنە قازی
گەل زۆر میحنەتی دیوە
سووتان و دەربەدەری
جیهان هەمووی ئازادە
لەبەرچی تۆ نۆکەری؟!
بەسە گێرەشێوێنی
بۆچی ئازادیت ناوێ و؟!
ئەو شەکرە دەشکێنی
بۆچی ئاوارەی کەرکوک
ئێستاش لەژێر ڕەشماڵە؟!
بۆچی تەنها بۆ دزان
خەزێنەمان بەتاڵە؟!
ئەگەر قسەم ڕاست نیە
شێرپەنجەم گۆشتی لەش بێ
ئەگەریش ڕاستی دەڵێم
یاخوا ڕووی دوژمن ڕەش بێ
لەناو گەلی کورد نیە
کەسی خۆکوژ تیرۆریست
هەندێک ئیسلامی توند ڕەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فاشینەو کۆنە پەرست
تەنها ئەو دیاردەیە
لەناو دوژمنان باوە
زۆر جار دەستی تیرۆریان
بۆ ناو کوردان هێناوە
بەڵێ چاوویان هەڵنایێ
بە ئازادی کوردستان
نایانەوێ بوونیات نێن
هەتاکوو هەبێت نەمان
ڕووی خۆت وا وەرمەگێڕە
کەرکوک پڕ نەفت و زێڕە
تخوا ڕجات لێدەکەم
بۆ دوژمن بەجێی مێڵە
تخوا دۆستان لێم مەگرن
ترحیو کێ گەورەی خێڵە!
حەڤدە ملیار لێت گیرا
دوژمن چۆن دەتداتەوە!
خەڵکینە ئاگاداربن
هێزی پاتاڵ هاتەوە
چارەسەری بێ سوودە
دەرامەتی کوردستان
بۆ فیرعەون و نەمرودە
دوژمن بۆردوومان دەکات
لادێی نزیک و دوورت
ئەو حوکمەتە کاتیە
ناپارێزێ سنورت
ئەی کوانێ سەرەک کۆمار؟!
تاماچ بکات دەستی مار
بابچێتە تورکیا
ماچ بکات قەبری" ئۆزال"
جاران پێشمەرگەی ئازا
چیایی ئەخوارد بە ددانی
ئێستاش حەیف و مەخابن
لە بۆ سەرکردەکانی
هەڵسە بەرەنگاری بە
شەرمە گەر ببیە جاشی
ئەوەی کەری دوژمن بێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-7-2007 18:31
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا
قەت لێناکرێت باراشی
تەناها بەکارت دێنێ
خاکت لەدەست دەستێنێ
بەڵێ کەرکوکی دەوێ و
دەیەوێ بت ترێنێ
گەر تۆ ئەوها زەلیل بیت
دەبێ چیت بەسەر بێنێ؟
پێشمەرگەی جەسوور ئازا
یەکێتی نیشتیمانی
ئێستا بۆ وا گۆڕاون؟
دیلن سەرکردەکانی
ناو جەرگم هەمووی زامە
بۆتە خوێن نووکی خامە
ئەو دزیە بێ تامە
ماڵی میللەت حەڕامە
تورکیا خوێنی کورد دەخوات
چۆن دەبیە جاسوسی
داکۆکی لە کورد بکە
هەی خوا خێرت نەنوسی
فڕی فڕی قەل فڕی
قەلیان خوارد سەریان بڕی
ئەوا هات سەلاحردین
بە عەگال و کراسی شین
گەر تەماشای وورگی کەیت
دەمری لەبەر پێکەنین
کاتێ ئاهەنگی ساز کرد
خەرجی کرد ملێۆن دینار
هەناسە هەڵدەکێشێ
خەڵکی فەقیر و هەژار
جوانە باڵندەی ئاوی
گۆشتی دەخورێ بە خاوی
بەڵێنی داوە بەڵێن
نەکا شەڕی خۆترێن
بە خوا یەک یەک دەزانم
ئەو دزو جاشانە کێن
تا لە سێبەری وان بین
دەبێ کوڕی شەیتان بین *

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەبێ دزیمان لێبکەن
یا دەبێ بێ گیرفان بین
جاران چەندە ئازابوی
کە لەشاخ و چیا بووی
پارە ئەوها تۆی گۆڕی
فێری دۆڵ و زوورنا بووی
بەیەک عانە پیاوی ژیر
بە هیچ ناچێت رۆشنبیر
تەنها مەسینە هەڵگر
خاوەنی ماستاوی تیر
ئۆخەی ئەی خودای گەورە
ماچم نەکرد دەستی کەس
شەرتبێ هەر ڕاستی بڵێم
هەتاکو ئاخیر نەفەس
زۆرم دی ژینی ستەم
گرین و خوێنە ووشەم
دز و جەردە ناهێڵن
داوای پاک سازی بکەم
چۆن ڕشت بکەم گۆرانی!
کوا بێری خوای جوانی؟
سنوور نەما نەیبرم
ئاخ دەردی سەرگەردانی
وەک ئەوەی بکوژێتەوە
لە ژین چرای رووناکی
مردم بەدەستی خۆفرۆش
مردم بەدەست ناپاکی

قادر... *: ئەمانەی دوێنێ بەعس ڕاوی دەنان ئەمڕۆش لە ژێر فشارن و
بەبێ رێزیش تەماشا دەکرێن وەکو ئەو کابرایەی
خەلکی گاڵتەیان پێدەکرد و پێ یان دەووت قادر قوون سعات!!
بەداخەوە هەندێک کۆنە جاش وئامر سریەش لە کوردستان زۆر ڕێزیان لێدەگیرێت!!
گەف: هەڕەشە
نەچوومە لای کاک شێرزاد *: زۆرم حەز دەکرد کۆڕێکی شیعری بگێرم
لە هۆڵی "میدیا " لەشاری هەولێر بەڵام دەبوا
واستە بکەم بە کاک شێرزادی کۆنەڕەفیق بەعسی!!
قۆندەرە: پێڵاو
غاندی *: سەرکردەی هیندی قارەمان نانی نەدەخوارد چوونکە گەلی لە ژێر ئەشکەنجە دابوو.
چاکە غەریبە: ناوی ئەو گۆڕەیە کەنازاندرێ خۆی و کەس وکار وخاوەنی گۆڕەکە کێ یە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شەهید ئارام و فوئادە ڕەش و فاقە و کاوە: چوار شەهیدە قارەمانەکەی " یەکێتی نیشتمانی کوردستانن ."

عومەر و فارس باوە: مەلا عومەر چل هەویزەیی و فارس باوەی ئازا
دوو ئەندامی باڵای " پارتی دیموکراتی کوردستانی " بون جێگایان بەهەشت بێت.
بووینە خۆراکی جاش و خۆفرۆش*: لە کۆلانەکەی ئێمە کابرایەک هەبوو چڵکاو خۆری بەعس بوو ناوی" محمەد" بوو دایکم ناوی لێ نابوو" ئەمنە" هەر ئەو یش بوو دایکم و ماڵەوەی بەگرتندا لەباتی ئەوەی سزا بدرێت من بە چاوی خۆم بینیم لە گەڵ سەیتەرەی پێشمەرگە داوای هەویەی لە خەڵکی دەکرد کەمنی بینی وابزانم گاڵتەمی پێ کرد و پێم پێکەنی!
لەترسی (بەعس و موختار) : ئەمە چیرۆکێکی ڕاستە.. کاتێک بەعس وموختار دایکم و ماڵەوەیان ڕاپێچی زیندان کرد بەتوهمەتی بنەماڵەی پێشمەرگە!
دەبێ کوڕی شەیتان بین: دوژمنانی کورد دۆستی سەرکردەکانمان ئەڵێن کورد کوڕی شەیتانە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.